# هەر ژنێک دەبێ

Maya Angelous*



**وەرگێرانی: *نیگار نادر***

هەر ژنێک دەبێ
ئەوەندە پارەی هەبێت کە
پێی وەدەرکەوی
جێگایەکی پێ بەکرێ بگرێ بۆخۆی
هەتا ئەگەر
نەیەوێ و پێویستیشی پێ نەبێ

ژنێک دەبێ
شتێکی وەها لەباری هەبێ بیپۆشێ
ئەگەر کارمەندێک یا یەک
لەژوانی خەونەکانی
ویستی لە کاتژمێرێکدا
بیبینی

ژنێک دەبێ
گەنجایەتیەکی پێکهێنابێ
کە لەپاشی بەجێبمێنێ

هەر ژنێک دەبێت بەزمێکی
رابردووی ئەوەندە خۆشی هەبێ
تا هەمیشە بەتەما بێت
لەتەمەنی پیریشدا
بی بێژێتەوە

هەرژنێک دەبێت خودان
تاقمێک برغووبەندو درێڵێکی بێ وایار و
سوخمەیەکی تورِی رِەش بێت

هەر ژنێک دەبێ
برادەرێکی هەبێت
کەهەمیشە بیهێنێتە پێکەنین
هەروەها برادەرێک کە
گریانەکانی
لێ بەکرێ بگرێ

هەر ژنێک دەبێت خودان
کەلوپەلێکی باش بێت
بێ ئەوەی پێشتر
کەس لەخێزانەکەی خاوەنی بووبێ

هەر ژنێک دەبێت
هەشت دەفری لێکوەشاوەو،پەرداخە شەرابی
قەدباریکەلەی هەبن
لەگەڵ رِەچەتەیەکی خواردن
تاوابکا میوانەکانی هەست
بە خانەدانیەی بکەن

هەر ژنێک دەبێ
هەست بە زاڵبوونی هەبێ
بەسەر دووریەتی دا

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
چۆن عاشق دەبێ
بەبێ ئەوەی
خۆی وون بکا

هەموو ژنێک دەبێ بزانی
چۆن دەست لەکار هەڵدەگرێ و
چۆن دەسبەرداری خۆشەویستەکەی دەبێت
چۆن ڕووبەروی برادەرەکەی دەبێتەوە
بەبی ئەوەی
برادەرایەتیە
لەدەست بدا

هەموو ژنێک دەبی بزانێ
لەکوێ زەحمەتەکان تاقیدەکاتەوەو
و لەکوێ بەرێگادا دەڕوا

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
کە ناتوانی گوڕان لە درێژایی پووزو
بەرینایی ڕانەکانی
سروشتی باوانی دا بکا

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
کە دەشێ مندالێەتی تەواو نەبووە
بەڵام بەسەری کەوتووە

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
چ دەکاو چ ناکات

بۆ خۆشەویستیەو زیادکردنی

هەموو ژنێک دەبێ بزانی
چۆن بەتەنیا بژی
هەتا ئەگەر نەشیەوێ

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
کێن ئەوانەی توانایی متمانەیان هەیە
ئەوانەی نیانە
هەرەها بۆ ئەوەنابێت
بە کەسایەتی وەرگرێ

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
دەچێتە کوێ
لەسەرمێزی چێشتخانەی
باشترین برادەری ئامادەبێ
شاگەشگە بێ لە
خانویەکی دارین دا
ئەو دەمەی ڕووحی پێویستی بە
هێوربوونەوە هەیە

هەموو ژنیک دەبی بزانێ
چ دەتوانێ و چ ناتوانێ
خڕکاتەوە
لەرۆژێک دا
لەمانگ و لەساڵێک دا.

Author: MAYA ANGULO
Translated by:
Negar Nadir

*مەیائەنجیلۆ: ناوی مارگرێتەیەولەئەپرێلی 1928لە st.louis misssour لە ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا لەدایک بووە.هەڵگری یەک لەدەنگە سەردەمیەکانی ئەدەبی ئەمەریکی و بە هەڵکەوتەیەکی ڕێنسانسی ئافرەت ناوزەدکراوە.

مەیا وەکو شاعیر، مێژوونوس،ئەکتەر،دەرهێنەر،ڕۆشەنبیر، نوسەری شێعری گۆرانی،سەماکەر،بەرهەمهێنەر، نووسەری پرفرۆشترین کتێب،پرۆفیسۆر، هەلسوراوێکی چالاکی مافە مەدەنیەکان، ڕۆژنامەنووس، دەناسرێ و جێی پەنجەی بەسەر ئەدەبی ئەمەریکیەوە دیارو کاریگەرە.